# هەڕەشەی تێروری ڕیبەرانی کۆمەڵە مەحکوم دەکەین

2007/09/25

لە چەند رۆژی رابوردودا نوسراوەیەک لە ژێر سەردێری " دەست درێژی بالی کاک عەبدوڵای موهتەدی تا کەی درێژەی دەبێ " بە ئیمزای خوازراوی "کمال جەلازادە" لە سایتەکانی "هەڵۆیست " و " ئاشتی " دا بڵاو کراوەتەوە کە هەڕەشەی کوشتن و تێرۆر کردنی ئەندامانی رێبەرایەتی کۆمەڵە و ژن و منداڵە کانیان دەکات ! ئیمە وەک سایتی بروسکە سەرەرای مەحکوم کردنی ئەم چەشنە کارانە و هەروەها مەحکوم کردنی بلاو کردنەوەی بابەت و نوسراوەی هەرەشەی کوشتنی چالاکانی سیاسی لە لایەن هەر سایتێکەوە بێت ، روون کردنەوەیەک بۆ رای گشتی بە پێویست دەزانین . پێوستە ئاگادار بن لینکی دەقی ئەو هەرەشەنامە تیروریستیە لە کۆتائی ئەم روونکردنەوەدا بو ئاگاداری زیاتر و قەزاوەتی خۆینەران هاتوە .

## بەڕێوەبەرایەتی سایتی بروسکە

" کەماڵی جەلالزادە" کە بە دوای پێداچونەوەیەکی تەکنیکیدا بۆمان دەرکەوت کێیە ،تا دوێنێ بە ڕواڵەت لە سەر گۆرینی بەندی ئەوەلی ئەساسنامەی کۆمەڵە زکە دڕی دەکرد بەڵام ئیستا کە "پتەشان روی آب افتادە" و هیچ قسەیکیان بو خەلکی کوردستان نیە کە هۆی دابڕانی خۆیان لە کۆمەڵە تەوزیح بدات رو دەکاتە هەرەشەی کوشتنی ریبەرانی کومەلەو تەنانەت ژن و مندالەکانیان . ئەوەی کە ئەم هەڕەشە و گوڕەشانە چەندە جیدی بن هەر ئەوەندەیە کە نوسەرەکەی لەوپەری ترسنۆکیدا خۆی لەژێر ناوی "کمال جلالزادە" شاردوەتەوە بەلام ئەوەی جێگای سرنجە لێردەدایە کە ئەم بەرادەرە کە لە وڵاتی سوئید دادەنیشێت دەزانێت هەرەشەی تێرور و کۆشتن لە یاسای ئەم ولاتانەدا بە قەد خودی کارەکە تاوانی هەیە ، ئەی بۆچی ئەم کارەی هەردەکات ؟ ئایا ئەمە هەمان سیاسەتی خۆ تەقاندنەوە نییە کە لە عێراق دا وەک دیاردەیەکی رۆژانەی لێهاتوە ؟ ئایا خەلک بۆیان نییە بپرسن لە کەمینەی پێشوی ناو کۆمەڵە کە بە کوشتن و تیرور کردن دەتانەوێت "رێفۆرم و چاکسازی " بکەن ؟ بە تێروری مندالان دەتانەویت "گەشە" بە حزبەکەتان بکەن ؟ لە کوێ دونیای مودیرنی ئەمرۆدا مندال بە تاوانی ئەمەی کە بابی سەربەڵایەنێکی سیاسیە دەکۆژرێت یان هەڕەشەی کوشتنی لێدەکریت ؟ دەبی هەم کەمینەی پێشوی ناو کۆمەلە و هەم کاک "کمال " و هەروەها سایتی "هەڵۆیست " و :ئاشتی" ش کە ئەم هەڕەشەنامەیان بلاو کردوەتەوە وڵام دەرەوەبن . ئیوە ناتوان لە بەر ئەم

تاوانە خۆتان بدزنەوە . ئێوە ناتوان فەرهەنگی ئیسلامیە توندرەوەکان بکەن بە گوتار و فەرهەنگی زال بەسەر کۆمەڵگای کوردستاندا . نە خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و نە هێزەسیاسیەکان و نە هەر ئینسانێکی بە پرەنسیێپ و مرۆڤ دۆست و تە نانەت وڵاتی سوئیدیش کە ڵێ دەژین و هەرەشەنامەکەتانی ڵیوە بڵاو دەکەنەوە ئەم کارەتان لێ قەبول ناکات . بێگومان بەرپرسانی کۆمەڵە لە دەرەوەی ولات دەبی لە ڕێگای یاسائییەوە پەیگیری ئەم کارەبکەن و نەهێلن ئەم چەشنە هەرەشانە ببێتە دیاردەیەک بو دەمکوت کردنی موخالفین . "رەوتی ریفورم و چاکسازی" ئەگەر هەر لە ئیستاوە کە 50 کەسن ئاوا لەگە ل خەڵکی رەفتار بکەن ئەڵاهوعالەم سبەینێ ئەگەر بون بە 100 چی دەکەن ؟ کاک "کمال جلالزادە "کە خۆی یەکێک لە رێبەران و دەمراستانی ئەم رەوتەیە و ئەم فەرهەنگەی هەڕەشەو تێرورە پەرە پێدەدات پێ وانیە سبەینی ئەگەر لەگەل هاوبێرانی ئیستای توشی کێشە بو ئەم وشترە لەبەر دەرکەی خۆیشیدا دەخەوێت و ئاوا بو ئەویش هەرەشەنامە دەنێرن ؟

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان !

وەرن با پێکەوە ئەم چەشنە کارانە و ئەم چەشنە ڵێدوان و هەڕەشانە بە توندی مەحکوم بکەین و ئیجازە نەدەین خەلکانێک لە بەر بەرژەوەندی نزمی تاکەکەسی خۆیان گوتاری زال بەسەر بزوتنەوەی رۆشنبیران و هێزەسیاسیەکاندا بگۆرن و بیکەن بە گۆتاری هەرەشەی تێروری ژن و مندال و رێبەرانی حیزبە کان .

ئادرەسی هەرەشەی تیرورکردنی ریبەرانی کومەلە لە سایتی هەلۆیست :

http://www.helwist.com/Komele/Rewt%202/22%20%209%20Kamale%20Jelaizade.pdf

ئادرەسی هەرەشەی تیرورکردنی ریبەرانی کومەلە لە سایتی ئاشتی:

http://www.ashti.nu/spt07/07-09-22b.pdf